# بەیاننامەی نارەزایی سەندیکاکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەرێمی کوردستان دژ بە دواخستنی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی ئیراقی فیدراڵ

**بۆ / بەڕێز دەستەی سەرۆکایەتی حکومەتی ئێراقی فیدراڵ**

**بەڕێز سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز ئە نجومەنی نوێنەرانی ئێراقی فیدراڵ**

**بەڕێز ئە نجومەنی نیشتمانی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیرانی حکومەتی ئێرافی فیدراڵ**

**بەڕێز سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان**

**بەڕێزان ئەندامانی سەندیکاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئێراقی فیدراڵ**

**بەڕێزان ئەندامانی سەندیکاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێزان هاونیشتمانیانی ئێراقی فیدراڵ**

**بەڕێزان جەماوەری هەرێمی کوردستان**

ئاشکرایە لای هەمووان دوای ڕوخانی سیستەمی حوکمڕانی دکتاتۆری ئێراق لە 2003/4/9 هەلێکی نوێ بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق ڕەخسا سەبارەت بەدووبارە بنیاتنانەوەی ئێراق و داڕشتنەوەو ڕەنگ ڕێژکردنی بەبنەما دیموکراسی و چەمکەکانی پێکەوە ژیانی ئارەزوو مەندانە دوور لە بنەماکانی توندڕەوی مەزهەبی و تایفی و شوفێنی. بەسوود وەرگرتن لە هەڵەکانی مێژووی ڕابردووی ئێراق و لەبەر چاو گرتن و تێگەیشتن لە واقعی ئێستا، دوای کێشمە کێشمی زۆر و بڕینی کۆمەڵێك ڕێگای سەخت دواجار پرۆژەی ڕەشنوسی دەستوری ئێراق لە 25 ی کانونی دووەمی 2005 بەزۆرینەی دەنگی کۆمەلأنی خەڵکی ئێراق (80٪) پەسەندکرا و بڕیار لەسەر پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە لە میانەی سیستەمێکی کۆماری فیدراڵی دیموکراسی فرەلایەن درا، کە لە چوارچێوەیدا گەلانی ئێراق بە هەموو پێکهاتەو ڕەنگەکانیەوە بە یەکسانی لە سایەیدا وەکو برا بژین. ئەوەی شایانی باسە یەکێك لە ماددەکانی ئەو دەستورە ماددەی 140 ی تایبەت بە چارەسەرکردنی ناوچە کێشە لە سەرەکان بوو کە بڕیار بوو لە کۆتایی ئەم ساڵدا بە ڕاپرسی لەلایەن دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچانە یەکلا بکرێتەوە،پاش ئاسایکردنەوەی ئەو گۆڕانکارییە دیموگرافییانەی کە ڕژێمی پێشوو لەو ناوچانە بە زەبری هێز ئەنجامی دابوو. بەڵام بەداخەوە هەر لە سەرەتاوە هەست بەسستی لە جێ بەجێ کردنی ئەو ماددە دەستورییە دەکرا وەکو ئەوەی نیەتێکی نهێنی هەبێت بۆ جێ بە جێ نەکردنی ئەو ماددەیە هەروەکو لە پێشتر لە جێ بەجێ نەکردنی بڕیاری 58 ی ئەنجومەنی حوکمدا سەبارەت بەهەمان کێشە هەستی پێدەکرا و لە ئەنجامیشدا جێ بەجێ نەکرا وەکو هەموو لایەك بینیمان بە بڕو بیانووی جیاواز. ئەوەتا ئەمڕۆش بە چاوی خۆمان دەبینین کە ماوەی جێ بەجێ کردنی ئەو ماددەیە چەند ڕۆژێکی ماوە تەواو بێت، بەڵام بەداخەوە قۆناغەکانی ئاسایکردنەوە تەواو نەبووە ئەویش بە هۆی سستی و لاوازی و ناجدییەتی بڕیارەکانی حکومەتی عێراقی فیدرال و دەنگۆی ئەوەش هەیە کە ماوەی جێ بە جێ کردنی ئەم ماددە دەستورییە درێژ بکرێتەوە. لە کاتێکدا ئێمە وەکو سەندیکاکان و ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەرێمی کوردستان تەواوی پشتیوانی خۆمان لە جێ بەجێ کردنی ئەو ماددەیە دەردەبڕین لە کات وساتی خۆیدا، لە هەمان کاتدا بە توندی ئەو هەوڵانەش ئیدانە دەکەین کە ڕێگر بوون و ڕیگری دەکەن لە پێش جێ بەجێ کردنی لە ژێر هەر بڕوبیانوویەکدا بوو بێت و ببێت. هەروەها

بەرپرسیایەتی جێ بەجێ نەکردنی ئەو ماددەیە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی ئێراقی فیدراڵەوە و جێ بەجێ نەکردنی ئەو مادەیەش پەیوەست نەبوونە بە دەستوری هەمیشەیی ئێراقەوە و یەکێتی سەربەستانەو پێکەوە ژیانی دیموکراسی لەئێراقی نوێدا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هیچ بیانویەك بۆ دواخستنی ئەو ماددەیە کە بەناوی کێشەو گرفتی هونەری دەهێنرێنەوە بە ڕاست نازانین و دەسەڵاتی ئێستای ئێراقی فیدراڵ لێی بەرپرسیارە، چونکە هەر دواخستنێکی تر بێ ئومێدی دەخاتە دڵ و دەرونی گەلی کوردستانەوە و دەبێتە هۆی نەمانی متمانە بە سیستەمی حوکمڕانی ئێستای ئێراق و شلۆق کردنی بنەماکانی پێکەوە ژیان.

بەڕێزان لە کاتێکدا ئێمە وەکو نوێنەرانی سەندیکاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ئەم بەیاننامەیە دەنوسین جەماوەر و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی شاری کەرکوك و گەرمیان خۆپیشاندان و مانگرتنی ناڕەزایی ئەنجام دەدەن دژ بە درێژ کردنەوەی ماوەی جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 کە زامنی مافە زەوتکراوەکانیانە. بۆیە بە پێویستی دەزانین ئێمە وەکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەرێمی کوردستان دڵنیایان بکەینەوە کە بە هەموو توانایەکمانەوە پشتگیری و پشتیوانییان لێ دەکەین و ئامادەین سەرجەم شێوازەکانی خەباتی دیموکراسی و ئامرازەکانی لەگەڵ ئەوان پیادە بکەین لە پێناو چەسپاندنی دەستووری هەمیشەیی ئێراقی فیدراڵ و جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 و گەڕانەوەی مافی زەوتکراوی خەڵکی زوڵم لێکراوی شاری کەرکوك و ناوچە کێشە لە سەرەکانی تر و گەڕانەوەی ئەو شوێنانە بۆ سەر سنووری ئاسایی مێژووی و جوگرافی خۆیان.

**<u>هاوپێچ:</u>**

- **لیستی ناوی سەندیکاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی واژوو کردوو لە سەر ئەم بەیاننامەیە.**

**هەولێر – هەرێمی کوردستانی ئێراق**
2007/12/17

## لیستی ناوی سەندیکاکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەددەنی واژوو کردوو لەسەر بەیاننامەی ناڕەزایی دژبە دواخستنی ماددەی١٤٠

| ژ | ناوی ڕێکخراو | ناوی نوێنەر | واژوو |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕێکخراوی کوردستان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی | جیهاد ڕاشد | |
| ٢ | یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان | سلیمان عثمان محمد امین | |
| ٣ | سەندیکای تەکنیکارانی کوردستان | احمد انور حسن | |
| ٤ | یەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران و پیشەوەرانی کوردستان | عمر اسماعیل عزیز | |
| ٦ | سەندیکای کارمەندانی تەندروستی کوردستان | م. هێرۆ محمد عبدالله | |
| ٧ | سەندیکای کیمیاگەرانی کوردستان | د. هوشیار علی امین | |
| ٨ | سەندیکای بایۆلۆجی کوردستان | سرود توفیق حسن | |
| ٩ | ڕێکخراوی جیۆلۆجیانی کوردستان | دلنیا محمد علی | |
| ١٠ | سەندیکای فیزیاناسانی کوردستان | د. رمضان حمید | |
| ١١ | سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکان | کمال مریوی | |
| ١٢ | سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان | فەرهاد عونی | |
| ١٣ | سەندیکای پارێزەرانی کوردستان | کاوە ڕەش نەقشبەندی | |
| ١٤ | یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان | شیرام عبدالرسول | |
| ١٥ | ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان | احمد سالار | |
| ١٦ | سەندیکای خاوەن پیشە ئەندازەییەکان | ادیب کاکەیی | |
| ١٧ | سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان | عبدالرحمن علی کوردە | |
| ١٨ | سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ | فاروق احمد محمد | |
| ١٩ | سەندیکای پەرستارییەکانی کوردستان | د. لطیف محمد | |
| ٢٠ | یەکێتی تەکنەلۆژیزانی کوردستان | عبدالله عزیز دەرویش | |
| ٢١ | سەندیکای هونەرە ڕووەکییە کشتوکاڵییەکان | عبدالله حسین حمد | |
| ٢٢ | یەکێتی گشتی کرێکارانی کوردستان | هەنگاو عبدالله | |
| ٢٣ | یەکێتی جوتیارانی کوردستان | اسماعیل حسین | |
| ٢٤ | یەکێتی مامۆستایانی کوردستان | م عبدالله احمد | |
| ٢٥ | سەندیکای پزیشکی یاریدەدەر و وردبینانی کوردستان | رشید طاهر | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦ | سەندیکای پزیشکانی کوردستان | د. هادی نەقشبەندی | [signature] |
| ٢٧ | سەنتەری ڕووناکبیری هەولێر | هێمن فرید | [signature] |
| ٢٨ | کۆمەڵەی هونەرمەندکارانی کوردستان | محمد جمیل | [signature] |
| ٢٩ | ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان | ناصح عبدالله | [signature] |
| ٣٠ | کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان | عبدالستار محمد | [signature] |
| ٣١ | کۆمەڵەی [illegible] کوردستان | حسیبە عزیز | [signature] |
| ٣٢ | یەکێتی جەنگاوەرانی کوردستان | صالح عباس | [signature] |
| ٣٣ | یەکێتی وێنەگرانی کوردستان | محمد عزیز | [signature] |
| ٣٤ | یەکێتی [illegible] کوردستان | محمد کوێکان | [signature] |
| ٣٥ | سەندیکای [illegible] کوردستان | محمد عبدالله | [signature] |
| ٣٦ | یەکێتی ئابووریناسانی کوردستان | فرج حمزە | [signature] |
| ٣٧ | کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان | احمد مام رسول | [signature] |
| ٣٨ | یەکێتی وەرزشوانانی کوردستان | لقمان صالح | [signature] |
| ٣٩ | یەکێتی پزیشکانی ددانی کوردستان | د. ابراهیم عمری | [signature] |
| ٤٠ | تیپی ئەدەبی ڕووناکبیریی گەلاوێژ | محسن ئاوارە | [signature] |
| ٤١ | کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان | د. نوری هەرزانی | [signature] |
| ٤٢ | کۆمەڵەی سەوزی لقی هەولێر | کاروان کریم | [signature] |
| ٤٣ | ڕێکخراوی هاوکاری و گەشەپێدانی دیموکراسی لە کوردستان | هۆشەنگ صابر احمد | Hoshang |
| ٤٤ | سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان | سروە کمال حەصاری | [signature] |
| ٤٥ | سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان | شۆڕش خضر مولود | [signature] |
| ٤٦ | یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان | حاکم توفیق کریم صادق | [signature] |
| ٤٧ | | | |
| ٤٨ | | | |
| ٤٩ | | | |
| ٥٠ | | | |
| ٥١ | | | |
| ٥٢ | | | |
| ٥٣ | | | |